ئاسۆ بیارەیی
2006-2-5 سوێد




# ئاشی نەزان چەپەکان دەیگێڕن

ساتیر

---

**فازڵ میرانی** سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتیی دیموکراتی کوردستان، بۆ دڵدانەوەی ئەندامەکانی **پارتی کاری دیموکراتی کوردستان** ، پێخۆشحاڵی خۆی دەربڕی و لە هەمان کاتیشدا کەوتە ڕێنماییکردنی فەریکە پارتییەکانی تری کوردستان، کە هەمان هەنگاوبنێن و خۆیان فڕێدەنە ئامێزی پارتییەکەیەوە.

مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردنی بیروباوەڕ، بەڵام سەیر لەوەدابوو کە **ئەبو حیکمەت** بیانووی ئەوەبوو کە ئەوان و پارتیی لە یەک سەنگەردا خۆیان دەبیننەوە، کێ دەزانێت ڕەنگە وا بووبێت و لەوەتی ئیمان و شایەتی بەمارکس هێناوە هەمان دەروازەی کشانەوەی بۆ ناو پارتیی بۆ ڕۆژانی ڕەش دیاریکردبێت، لێ ئیمڕۆ مارکسییەت باوی نەماوە و خەڵکی دوای **بن لادن و زەرقاوی** لە ڕیش دەسڵەمێنەوە. لەوە سەیرتر پارتیی، ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆی بە دەمڕاستی مارکسیەکان نەزانیوە، ئەگەر دوژمنی بیرو باوەڕی چەپ نەبووبێت لە باشووری کوردستان، هەرچەندە هەمیشە ئاشقی پاکی و پەنجە و قەڵەمەکانیان بووە.

هەموو ڕێکخراوێک یان پارتییەک مافی خۆیەتی چالاکانە لایەنگر و ئەندام لە ناو جەماوەردا پەیدابکات. مەترسی ئەم گەمەیەی باشووری کوردستان لەوەدایە کە دەنگی ئازادی و ئۆپۆزیسیۆن لەو بەشەی کوردستاندا خەفە بکرێت و سیاسەتی زۆربێ و بۆربێ، ئەم نا ئەو پەیڕەو بکرێت و ئازادی ڕادەربڕین لە بار ببرێت.

مۆدیلی پارتیی بوونی چەپەکان کوردستان، بەتایبەتی شیوعیەکان، گەرمترین هەواڵە و باسە. تەنها یەزدان دەزانێت، شایەت ئەو ئاشە هێشتا پێویستی بە ئاشەوانی تربێت. لە پرۆسەی **(بە پارتیی بوونی چەپەکان کوردستان)** یان چونە ناو دەسەڵاتێکی ترەوە، خێرا ئەم چەپانە دەسەڵاتی بەرزیان پێدەرێت بەبێ ئەوەی لایەک لە خودی ئەندامەکانی ئەو پارتییانە بدرێتەوە کە شیوعیەکان و سەرۆک بنەماڵەکان بۆ خۆیاندا دەکرن. کاتی ئەوە هاتووە بەتایبەتی پارتیی ئاوڕێک لە ئەندامەکانی خۆشی بداتەوە، کە کە هی وایان هەیە خەباتێکی دوور درێژی هەیە و هێشتا لە جێی خۆی قەتیس گیری خواردووە.

لە ڕۆشنایی ئەو شیکردنەوە کورتەی سەرەوە ئەم ئەنجامەی خوارە دەستەبەر دەکەین:-

- ✓ بۆ گەیشتن بە ئاواتی دەسەڵات لە ناو پارتییەکانی باشووری کوردستان، پیاو دەبێت یا شیوعیبێت یان سەرۆک بنەماڵەبیت، لە هەردوو دۆخدا پیاو سەرکەوتووە و پێویست بە دوودلی ناکات.
- ✓ ئەگەر کەسێک بێچارەبێت و لە ناوچەوانی نووسرابێت و هونەری دەسەڵات نەزانێت، ئەوە مێژووی خەباتی لە دەرەوەی ئەو دوو ڕێگەیەی سەرەوە دەست پێدەکات و قورێکی خەست بۆ خۆی دەگرێتەوە و تاماوە چاوەکانی کورسی دەسەڵات نابینێن.

لەو دەمەشدا کە ئەندامێکی پارتییەکی تر بخوازێت ببێت بە شیوعی، شیوعیەکان بە هەزارجۆر دەیخەنە بەر بەزەیی پاڵاوتن و لە 100 پلە لە ژێر سفرەوە خەباتی بۆ دەژمێرنەوە. وەکو یاری مارو پەیژە سەرو خواری پێدەکەن تاکو ئەگەر جارێک لە جاران برواى پێبکەن و لە زنجیرەی دۆستان یان وەکو لایەنگر وەریبگرن.

هاکا سەنگەر گۆڕینی هەندێک لایەنی چەپی مۆدێرن جاری شۆرشی سۆشیالزمی بەدواوە بێت!!!!!!!!!!!!!!!!!...............